قاسمە قزە یان قاسم پاڵەوان
چیرۆک بۆ منداڵان
منداڵە خۆشەویستەکان!
دەگێرنەوە لە رۆژگارانی زۆر کۆندا کابرایەک بە ناوی قاسمە قزە هەبوو/ ئەو قاسمە قزە هێندە مرۆڤێکی ترسەنۆک و بێدەسەڵات بوو، هەموو رۆژێک لای ئێوارە کە هەوا تاریک دادەهات هەتاکوو بەیانی لە ژوورێ وەدەرنەدەکەوت و تەنانەت لە گوڵووی تەنوورەکەی ژورەکە دەکرد، یانێ بە کورتی هێندە غیرەتی نەبوو تەنانەت بۆ میز کردنیش بچێتە دەرێ.
بە پێچەوانە ژنەکەی زۆر نەترس و ئازا بوو بۆیە لەو قارەی قاسمە قزەی میردی زۆر بێزار ببوو، هەرچێک لەگەڵ خەریک دەبوو تێدەکۆشا قاسمە قزە بە قسەی نەدەکرد و لەسەر ئەم کارە ترسنەکۆانەی خۆی بەردەوام بوو. هەتاکوو رۆژێک لە رۆژان کەوتە بیری ئەوەی کە قاسمە قزەی مێردی مەجبور بکا لانی کەم بۆ میزکردن بڕواتە دەرێ.
رۆژێک وەستا تاکوو هەوا تاریک داهات، ئەوجا بە قاسمە قزەی وت: پیاوەکە دەزانی چی؟
قاسمە قزەش وتی: نەوەڵا، چیە؟
ژنەکەی وتی وەرە ئەمنیش لەگەڵت دێم با بڕۆینە دەرێ.
قاسمە قزە بە ژنەکەی وت: ژنەکە وەڵاهی من ناوێرم. زەق زەقە دەمخۆن. (قاسم بە ئەسێرەکانی دەوت زەق زەقە.)
ژنەکەی کە لە خۆی ژیرتر بوو، وتی وەرە من ناهێڵم بتخۆن، ئەمن کۆڵەژەنێ دەنێم و لەگەڵت دێم ئەگەر هاتن بتخۆن ئەمن دەیانکوژم.
ژنەکە کۆڵەژەنێکی هەڵگرت و قاسمیش تۆزێک ورەی وەبەرهات و بەم جۆرە وردە وردە قاسمە قزە کە بەردوام چاوی لە ئاسمان بوو ئەسێرەکانی سەیر دەکرد وەپێش خۆی دا و لە درگاکەی بردە دەروە و پاشان توند درگاکەی پێوەدا، خۆی لە ژوورەوە و قاسمی مێردیشی لە دەرەوە لە پشت درگاکەوە بە تەنیا بە جێ ما، هەرچەندە قاسمە قزە لە پشت درگاکەوە لە ژنەکەی پاڕایەوە درگای بۆ بکاتەوە، ژنەکەی بە قسەی نەکرد و درگای لێ نەکردەوە. هاوار و دادی قاسم بە هیچ کوێ نەدەگەیشت و ژنەکەشی بڕیاری کۆتایی دابوو کە درگاکەی لێ نەکاتەوە.
پاش چەند کاتژمێر خۆهەڵاوێشتن و پاڕانەوە بەردەوام دەیوت کچێ ئافرەت بۆ خاتر خودا، کچێ ئافرەت درگاکەم لێ بکەوە...
دوای ئەوەی ماندوو بوو، بێدەنگ لە پشت درگاکەوە دانیشت، ژنەکەی وتی بە یەک شەرت درگاکەت لێ دەکەمەوە. قاسمە قزەش بۆ ئەوەی بڕواتە ژوورەوە حازر بوو هەموو شەرت و شروتێکی ژنەکەی قەبووڵ بکا، وایە وتیباشە شەرتەکەت چیە؟
ژەنەکەی وتی: بەو شەرتەی ئەوەی ژوورێ بەریتە دەرێ و ئەوەی دەرێ بێنیتە ژوورێ (یانێ مەبەستی ژنەکەی ئەوە بوو کە قاسمە قزە لەوە زیاتر لە ماڵێ میز نەکا).
قاسمە قزە وتی: وەڵاهی ئافرەت هەموو کارێکم پێ دەکرێ بەڵام ئەو کارەم پێ ناکرێ.
ژنەکەشی وتی: دەی ئەگەر وایە هەر بۆ ئەوە باشی زەق زەقە بتخۆن.

قاسمە قزەش پاش ماوەیەکی زۆر هەڵلەرزین و چاوەڕوانی کردن لە دڵی خۆیدا وتی: توخودا ئەوە چ ژیانێکە! هەی بە زیاد نەبێ. بانگی لە ژنەکەی کرد و وتی: ئافرەت باشە ئەگەر درگاکەم لێ ناکەیەوە، چاکەیەکم لەگەڵ بکە.
ژنەکەی وتی: چیە؟
قاسمەقزە وتی: دەتوانی مشتێک ئارد و هێلکەیەک و سوژنێکم پێ بدەی؟
ژنەکەشی وتی: بە چاوان هەر ئێستا بۆت دێنم. ڕۆیشتە ئەو شتانەی مێردەکەی دەیویست بۆی هێنا و لە کەلێنی درگاکەوە پێدا و ماڵئاواییا لە یەکتری کرد.
قاسمە قزەش بەو نیوەشەوە سەری خۆی هەڵگرت و رووی لە شاخ کرد و رۆیشت، نە سەعاتێک نە دوو سەعات، هەر رۆیشت و رۆیشت هەتاکوو پشتی لە ئاوەدانی کردوو کەوتە چۆڵەوانی. لە ڕێگادا لە شوێنێک هەستی کرد لە پاڵ ڕێگاکەدا خشە خشێک دێ. لە ترسان وەخت بوو دڵی بتۆقێ، بەڵام جورئەتی بە خۆی دا و دەڕواتە پێش و سەیر دەکا، ئەوا بێچووە کیسەڵێکە، ئەویش هەڵدەکرێ و لە باخەڵی دەنێ. دیسان دەکەوێتە ڕێ. کەم و زۆر دەڕوات کاتێک سەیر دەکا بڵێسە ئاگرێک لە دوورەوە دیارە، لە دڵی خۆیدا وتی رەنگە ئەوە ئاوەدانی بێ چاکتر وایە بڕۆم بۆ ئەوێ بزانم ئەوە کوێ یە. ئەوا ڕووناکایم بۆ کرایەوە.
وەختێک چووە پێش، چی دیت!!!
حەوت دێوی زەلام زەلام کە هەموویان ملیان دەتوت تا جۆیە.
دێوەکانیش کە قاسمە قزەی کزۆڵە و سیس و باریکەڵەیان دیت، هەر یەکە بە جیا دەیوت ئەمە هی خۆمە، بۆ خۆم دەیخۆم.
قاسمە قزەش لە دڵی خۆیدا دەیوت: وەڵاهی رۆژی تەنگانەیە ئەگەر بە فریای خۆم نەکەوم پەکم دەکەوێ و لێرە دەبم بە خۆرانی دێوان. هەر بۆیە بە تووڕەییەوە گوڕاندی و وتی: کورە ئەرێ ئەوە دەڵێن چی؟
دێوەکان پێیان سەیر بوو، لێیان پرسی: ئەرێ بۆ تۆ کێیە و ئاوەها دەگوڕێنی؟

قاسمە قزەش بە تووڕەییەوە وتی چۆن کێم؟ من قاسمە پاڵەوانم، چۆن ناوبانگی منتان نەبیستووە؟!
دێوەکانیت تاکوو ئاو کاتە ناوی وایان نەبیستبوو پێکەنین و وتیان نەوەڵا ناوی وامان نەبیستووە، لەبەر ئەوەی رەنگە زۆر مەشهور

نەبی.
قاسمە قزەش وتی: چۆن شتی وا دەڵێن؟ چۆن مەشهور نیم. فەرموون با خۆمان تاقی بکەینەوە. ئەوە ئەرز و ئەوە گەز.
دێوەکانیش هەموویان خۆهان بە پاڵەوان دەزانی و بە خۆیاندا دەنازین و پێیان وا نەبوو کەسێک لەوان بەهێزتر لەسەر هەردێ هەبێ.
دێوەکان وتیان باشە وەر هێزی خۆمان تاقی بکەینەوە. بزانین تۆ چۆن دەیسەلمێنی پاڵەوانێکی لە ئێمە بەهێزتری.
قاسمە قزە وتی وەرن با بەرد بکەین بە ئارد.
دێوەکان هەر تاشە بەردێکیان وەبەردەست دەهات ورد وردیان دەکرد، بەڵام خۆ هێندە ورد نەدەبوو ببێ بە ئارد. قاسمە قزەش بە دزی دێوەکانەوە بە سەبرێک ئاردەکەی لە گیرفانی دەرهێنا و لە نێو مستیدا شاردبوویەوە و دەستی برد بۆ زەوی وەک ئەوەی بیهەوێ بەردێک هەڵگرێ و دوایە دەستی رێخست و ئاردەکەی هەڵوەراندە سەر زەویی. دێوەکانیش کە ئەمەیان بینی ترسیان لێ نیشت و وتیان بە زاتی خودا ئەم پاڵەوانە هەموومان لە نێو دەبا.
ئەم جار قاسمە قزە دیسان گوڕاندی و وتی وەرن با ئاو لە بەردان بێنین.
دێوەکان هەر بەردێکیان لە عەرز هەڵدەگرت دەیانگوشی، بەرد لە دەستی دێوەکاندا ورد ورد دەبوو، بەڵام خۆ ئاوی لێ نەدەهات.
قاسمە قزەش بە دزیەوە دێوەکانەوە هێلکەکەی لە نێو مستیدا شاردەوە و بە قەستی دانەویەوە عەرز بۆ ئەوەی دێوەکان وابزانن بەرد هەڵدەگرێ، دوایە هێلکەکەی لە مستیدا گوشی و بە قەد دەستیدا داشۆڕایە خوارێ و دێوەکان هێندە بێ ئەقڵ بوو باوەڕیان پێ کرد.
پێیان وابوو  قاسمە قزە بەردی گوشیوە و ئاوی لێ هێناوە.
قاسمە قزە وتی ئەو جار با بازانین ئەسپێی کامان گەورەیە.
دێوەکان دەستیان بە بن هەنگڵ و نێو تووکی خۆیاندا دەکرد و ئەسپێی هێندە گەورەیان دەردەهێنا دەتوت گەنە و قالۆچەیە، قاسمە قزەش بە دزیەوە دەستی بە گیرفانی خۆیدا کرد و بچکە کێسەلەکەی دەرهێنا و دوور لە چاوی دێوەکانەوە بە جۆرێک نەیبینین لە کاتێکدا کیسەڵەکەی لە نێو مستدا بوو دەستی بۆ بن هەنگڵی خۆی برد و بێچوە کێسەلەکەی دەرهێناو و دێوەکانیش بە دیتنی هیندەیتر ترسیان لێ نیشت و بە تەواوی بروایان پێ کرد.

ئەم جار دێوەکان گوتیان بە راستی تۆ پاڵەوانی، ئێمە عەبد تۆین، ئێمە هەڵقە بە گوێی تۆین، فەرموو با بڕۆینە ماڵ.
هەموو رۆیشتنە ماڵێ و دێوەکان و قاسمە قزە لەوێ نیشتەجێ بوو.
ماڵێ دێوەکان لەسەر شاخی کێوەکە  بوو، دێوەکان بۆ ئاوهێنان دەبوو لەسەر شاخەوە بڕۆنە خوارەوە و بە پێستە گامێش کە کردبوویانە کوندە، لە کانیاوەکانی بناری شاخەکە ئاو بێننە سەرەوە. دێوەکان بە نۆرە دەچوون بۆ ئاوهێنان، رۆژێک لە رۆژان نۆرەی قاسمە قزەش هات.
دێوێک وتی:  کاک قاسم پاڵەوان برا تۆش دەبێ بڕۆی ئاو بێنی.
قاسمە قزە پێستە گامێشی بە خاڵیش بۆ هەڵنەدەگیرا تاکوو ئەوەی پڕ بێ لە ئاو. هەر بۆیە مەجبور بوو بە بیانوویەک خۆی لەو کارە بدزێتەوە بۆیە وتی: دا ئەو پاچ و کوڵنگەم بۆ بێنن!
دێوەکان پێیان سەیر بوو، وتیان پاچ و گوڵنگت بۆ چیە قاسم پاڵەوان؟ ئەوش وتی هەر ئێستا دەڕۆم و ئاوی هەموو ئەو کانیاوانە دەکێشمەوە بۆ سەر ئەم شاخە، دێوەکانیش لە ترسی ئەوەی نەکا کانیاوەکان وشک بکەن لە قاسم پاڵەوان پاڕانەوە کە ئەو کارە نەکا و پێویستیش ناکا بچێ بۆ ئاوهێنان.
یەکێک لە دێوەکان وتی بۆ خاتری خوا قاسم پاڵەوان کاری وا مەکە با کانیاوەکانمان لێ وشک نەبێ، قەیدی ناکا تۆ زەحمەت مەکێشە ئێمە دەچین بۆ ئاوهێنان.
قاسمە قزەش لە دڵێ خۆیدا وتی ئۆخەی ئەم جارەش رزگارم بوو.
رۆژێکیتر دێوەکان ماندوو بوون مەجبور بوون بە قاسم پاڵەوان بڵێن کاکە قاسم پاڵەوان ئەرێ کاکە ناڕۆی هێندێک دار بێنی با ئاگرێک بکەینەوە.
ئەو دارستانەی دێوەکان داریان لێ دەهێنا، زۆر لە خواری کێوەکەوە بوو، دەبوو رێگایەکی دوور و درێژ ببڕن تاکوو بگەنە ئەوێ.
قاسمە قزەش لە دڵی خۆیدا وتی بە زاتی خودا ئەم جارە لێم ئاشکرا دەبێ کە پاڵەوان نیم و دەمکوژن، هەر بۆیە دەبێ ئەم جارەش فێڵێکیتر بدۆزمەوە بۆ دەربازبوونم. بۆیە بە دەنگی بەرز و بە پەلە وتی: ئەو تەور و تەورداسەم بۆ بێنن!
دێوەکان پێیان سەیر بوو وتیان تەور و تەوەرداست بۆ چیە کاک قاسم پاڵەوان؟
قاسم پاڵەوانیش وتی: وەڵاهی هەموو ئەو دار و دەوەن و درەختە لە ریشە هەڵدەکەنم و دەیانهێنمە ئێرە دەیانچێنم.
دێوەکانیش وتیان: ئای بۆ خاتری خودا ئەو کارە مەکە، هەموومان لێ وشک دەکەی ئەو جار چی بکەین.
دێوەکان لە ترسی وشک و تێداچوونی دارو دەوەنەکە نەیانهێشت کە قاسمە قزە بڕوا بۆ دارهێنان و گوتیان قەیدی ناکا تۆ لە ماڵدا دانیشە ئێمە دەڕۆین بۆ دارهێنان.
منداڵە خۆشەویستەکان
قاسمە قزە بەم جۆرە رۆژگاری رادەبوارد، هەتاکوو شەوێک لە شەوان قاسمە قزە هێشتا خەوی لێ نەکەوتبوو بە باشی گوێی لە سرت و خورتی دێوەکان راگرتبوو کە لە نێو خۆیاندا باسی لە ناوبردنی قاسم پاڵەوانیان دەکرد.

لە دڵی خۆیدا وتی بە زاتی خودا ئەمشەو ئاخرین شەوی ژیانمە و دەرچوونم نیە و دەمکوژن. هەر جۆرێک بوو بە دزیەوە خۆی لە ژێر لێفەکەوە هێنا درێ و لە هەوای تاریکی ژوورەکە بە دزی دێوەکانەوە خۆی حەشار دا و کۆلکە دارێکی لە جێگاکەی خۆیدا راکێشا و بە لێفەکەی خۆی داپۆشی.
کە نیوەشەو داهات، دێوەکان بە زمانی خۆیان وتیان: بیکوتن!
جا وەرە دێوەکان بۆ شیر و گۆپاڵ لێدەن.
هێندەیان کوتا وەک بڕوێشیان لێ کرد، ئەنجن ئەنجنیان کرد، ئەمجار دێوەکان پشوویان دا و گوتیان ئەوا ئەو پاڵەوانە بەهێزەمان لە ناو برد، ئەمجار دەتوانین بە ئازادی ژیانی خۆمان رابوێرین.
قاسمە قزەش ئەوە لەولاوە لە تاریکی ژوورەکەدا گوێی لێیانە پاش ئەوەی دێوەکان دیسان خەوتنەوە بە دزیەوە چووە نێو جێگاکەی خۆی و بە دەنگی بەرز گوڕاندی و وتی: ئەی دێوینە؟!
دێوەکانیش تاوەلەرزە دایگرن و پێکەوە وتیات: بەڵێ قوربان؟
لەو کاتەدا دێوکان لە دڵی خۆیاندا دەیانوت قوڕمان بەسەر ئەوە خۆ ماوە، هەموو لە ترسان دوبارە وتیان بەڵێ، بەڵێ کاکە قاسم پاڵەوان ، چی دەفەرمووی لە خزمەتداین.
قاسمە قزەش وتی: ئەرێ ئەو هەموو رشک و ئەسپێیە چیە ئەمشەو هەمانە؟
دێوەکان لە دڵی خۆیاندا وتیان ئەی ماڵی وێرانم ئەو هەمووە ئێمە کوتامان ئەو پێی وابووە رشک و ئەسپێیە و وایزابوە کێچک پێوەیا داوە. بە زاتی خوا لە نێومان دەبا وا چاکە هەڵێین.
هەر کە قسەکانی قاسمە قزە تەواو بوو، هەموویان بە پەلە پێکەوە هەڵاتن و دوو دوو، سێ سێ خۆیان دەکرد بە درگاکەوە و هەر یەکە لە ترسی گیانی خۆیدا دەیویست لە پێشدا بڕواتە دەرێ.
قاسمە قزەش کە ئەمەی بینی لەسەریان کردی بە هەراو هوریا و وتی ئەوە بۆ کوێ دەڕۆن؟ هەر دەتانکوژم و لە دەستم دەرناچن.

دێوەکان لە ترسی گیان خۆیان و لەبەر ئەوەی لە نێو درگاکە ترنجابوون، هێندە تس و فسیان لێ بەربوو قاسمە قزە کە کەسێکی لەڕ و لاواز و سووک بوو، بە هۆی گازی تسی دێوەکان وەهەوا کەوتبوو وەک پوودانە لە بنمیچی ژوورەکەوە مابووەوە. دێوەکان کە بەرە بەرە لە درگا دەچوونە دەرەوە و گازی ژوورەکە کەم دەبووەوە قاسمە قزەش بەربووەوە، لە ناکاو کەوتە سەر پشتی یەکێک لە دێوەکان کە لە دوای ئەوانیترەوە بوو، بە جێ مابوو. قاسم کە ئەمەی دیت گوڕاندی و وتی: کافر نەبزوی، سەرت دەبڕن.
دێوەکەش لە ترسی گیانی خۆیدا دەستی کرد بە پاڕانەوە وتی بۆ خاتری خودا کاک قاسم پاڵەوان نەمکوژە هەرچێک بڵێی بە قسەت دەکەم، من ئیتر حەڵقە بە گوێی تۆم.
قاسمە قزەش وتی زۆر چاکە ناتکوژم بە شەرتێک ئەوەی دەیڵێم دەبێ بە قسەم بکەی.
دێوەکەش وتی باشە شەرتەکەت چیە؟
قاسمە قزەش وتی ئەو دوو سندوقە زێڕانە لە کۆڵ بکە بیبە بۆ ماڵی ئێمە.
دێوەکە وتی باشە قوربان بەڵام زەحمەت بکێشە لەسەر پشتمیان دابنێ.
قاسمە قزەش کە هێزی نەبوو تەنیا سەری سندوقەکان هەڵێنێ گوتی نە نە لەعین دەبێ هەر بۆ خۆت لە پشتی خۆتی بنێی.
دێوەکەش دەڵێ بەڵێ قوربان.

دێوەکە دوو سندوقە زێڕەکە لە کۆڵ دەکا و قاسمە قزەش لە نێوانیدا سوار دەبێ.
قاسمە قزە لە سەرپشتی دێوەکە بە دێوەکەی وت: دەزانی چی دێوە؟
دێوەکەش دەڵێ: نەخێر کاک قاسم پاڵەوان.
قاسمە قزە دەڵێ: ئەرێ تۆ دەزانی کە من دەتوانم ئسمی ئیعزەم بخوێنم؟ (١)
دێوەکەش وتی: کاک قاسم پاڵەوان دەنا من زۆر ناوی ئسمی ئیعزەمم بیستوە، بەڵام هەرگیز گوێم لێ نەبووە یان هەستم پێ نەکردووە، دەتوانی بیخوێنی؟
قاسنە قزەش وتی: ئەی چۆن ناتوانم، برێک لەبن لێوەوە ملچەملچی کرد و دوایە ئەگەر سوژنی کرد بە پشت ملی دێوەکەدا.
دێوەکەش لەبەر ژانی سوژنەکەدا گوڕاندی و لە قاسمە قزە پاڕایەوە کە بۆ خاتری خوا هەڵیوەشێنەوە. هەڵیوەشێنەوە ئسمی ئیعزە، ملی کون کردم.
دێوەکە پێی وابوو دۆعاکەیە ئازاری دەدا بۆیە دەوت هەڵیوەشێنەوە ملی کون کردم.
هەرجۆرێک بوو رۆیشتن و گەیشتنە گوندەکەی قاسمە قزە.

دورونزیکی ماڵی خۆیان قاسمە قزە هاواری کرد: ئەرێ ئافرەت، هۆ ئافرەت! ژنەکەشی وتی هۆ بەڵێ!
قاسمە قزەش وتی زوو وەرە دەرێ ئەو زێرە لەو دێوە بکەرەوە.
ژنەکە بە روویەکی خۆشەوە بە مێردەکەی وت: ئەوە هاتیەوە قاسم؟
قاسمە قزەش زۆر لەوە دەترسا کە ژنەکەی لە بەرچاو دێوەکەوە پێی بڵی قاسمە قزە، دوایەش لە وەڵام ژنەکەیدا وتی ئەرێ وەڵا ئافرەت هاتمەوە.

دوای ئەوە بارە زێڕەکانیان لە دێوەکە داگرت، دێوەکە بۆیانی بردە ژوورەوە. قاسمە قزەش وتی دێوە جا ئەو جار دانیشە با نان و چایەک بخۆین.
دێوەکەش وتی وەڵاهی کاکە قاسم پاڵەوان ئەگەر ئیزم بدەی و بەرلام بکەی ئەمن هیچ ناخۆم، هەر ئەوەندەی ئازادم بکەی بۆ من هەموو شتێکە و هیچم ناوێ.
قاسمە قزەش وتی ئازادی بۆ کوێ دەڕۆی بڕۆ. کاتێک دێوەکە ماڵئاوایی کرد و لە ماڵی قاسمە قزە هاتە دەرێ، کڕنۆشی بۆ قاسم برد و دەستی ماچ کرد و رۆیشت. لەو کاتەدا لە نێو کۆڵانەکەدا تووشی مەلای دێ هات کە لە مزگەوت دەگەڕایەوە.

دێوەکە سەلامی لە مامۆستا کرد و ئەویش جوابی دایەوە و دوایە لە دێوەکەی پرسی: ماندوو نەبی دێوە. ئەوە لە کوێ بووی؟
دێوەکە وتی: مەرحەمەتت زیادی بێ مامۆستا. چیت عەرز بکەم، بارە زێڕم بۆ ماڵ کاک قاسم پاڵەوان بردەوە.
،ا،پستاش زۆر بە سەیرەوە وتی کێ؟ قاسم پاڵەوان کێیە؟ خۆ ناشی مەبەستت قاسمە قزە بێ؟
دێوەکە وتی نەوەڵا مامۆستا مەبەستم کاک قاسم پاڵەوانە.
مامۆستا کورە وەرە بزانم، وەرە بچین زێڕەکەت بۆ وەربگرمەوە.
دێوەکە وتی بەخودا ناوێرم. ئەوەی من بە قاسم پاڵەوانەوە دیومە، یارەبی کەس نەبینێ. پاڵەوانی وایە کەس پێی ناوێرێ.
مامۆستا وتی لەگەڵم وەرە هەر ئێستا بۆت وەردەگرمەوە.
دێوەکە وتی: مامۆستا بەو قورئانەی خوێندووتە ناوێرم لەگەڵت بێم.
مامۆستا زانی دێوەکە ناوێرێ لەگەڵی بچێ وتی باشە ئەم مەندیلەی من سەرێکی لە ئەستۆی تۆ دەکەم و با سەرێکیشی لە ئەستۆی خۆمدا بێ بۆ ئەوەی نەترسی.
دێوەکە رازی بوو، مامۆستاش دێوەکەی بە خۆیەوە بەست و روویان لە ماڵ قاسمە قزە کرد. کاتێک گەیشتنە بەر ماڵی قاسمە قزە م، مامۆستا وەک جاری جاران بانگی کرد:
ـ ئەرێ قاسمە قزە لە ماڵی؟
قاسمە قزەش وتی بەڵێ مامۆستا لە ماڵم فەرموو وەرە ژوورێ.
مامۆستا وتی: ئەرێ ئەوە بۆ ئەو بارە زێڕەت لەو دێوە فەقیر و هەژارە ئەستاندووە، وەرە پێی بدەرەوە.
قاسمە قزەش کە ئەمەی بینی بیری لە دەرباز بوونی خۆی بە فڕوفێڵێک کردەوە، هەر بۆیە  بە مامۆستای وت: مامۆستا تۆ حەوت دێو قەرزاری کەچی تەنیا دێوێکت بۆ هێناومەتەوەە؟!
دێوەکەش کە ئەمەی گوێ لێ بوو، وایدەزانی قاسمە قزە راست دەکا و مامۆستا دەیهەوێ دێوی پێ بداتەوە کە قەرزاری قاسمە قزەیە. هەر بۆیە لە ترسی گیانی خۆیدا هەتاکوو هێزی تێدا بوو تەنوورەزەنان (تەنوورە کێشان) بەرەو ئاسمان رۆیشت. مەلاش لەگەڵ ئەوەڵین خول و سووڕانی دێوەکەدا لاقەکانی لە ئاسمانەوە فرتە فرتیان بوو. دێوە زۆر بە توند بەرز بووەوە، هەر بۆیە ملی مەلای بە مەندیلەوە لەگەڵ خۆی برد و رۆیشتەوە بۆ لای دێوەکانیتر.